YADNAMA
یادنامە

بێگومان ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕووی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژووی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ١٤ی نیسانی ٢٠٢٠ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.14, April 2020

# کۆرۆنا، یاخود بەهاری ئەمریکی و ئەورووپی

**د. کامەران مەنتک**

دوای ئەوەی جیهانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی بە سەرکەوتوویی لەشەڕی سارد دەرچوو، ئەمریکا سیستەمی تاکجەمسەری ڕاگەیاندو وەکو زۆر لە نووسەرە ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان خۆیان دەڵێن ئەمریکا بووە پۆلیسی جیهان، ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) لەم دوو ساڵەدا زۆر گۆڕانکاری گرنگ لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتە ئارا، ڕووداوەکەی سەپتەمبەرو لێدانی ئەمریکا، هاوکات هاتنی پوتینی سەرۆکی ڕوسیا بۆ سەر دەسەڵات. ڕووداوی سەپتەمبەر سەرباری دەرهاویشتە سیاسی و ئابووریەکانی، بووە سەرەتای شەڕێکی جیهانی، کە بەشەڕی تیرۆر ناسراوەو سەرۆکی ئەمریکا ڕاشکاوانە ڕایگەیاند ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دژی ئێمەیە، کە ئەمە دەکرێت وەک سەرەتایەکیش بۆ کاڵبوونەوەی سیستەمی دیموکراسی لیبراڵی ئەمریکی لە قەڵەم بدەین. بەرامبەر ئەو دۆخەی ئەمریکا سەرۆکێکی بەهێز لە ڕوسیا جڵەوی دەسەڵاتی گرتبووەوە دەست و خاوەنی خەونی نەک بە تەنیا زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریای ڕوسی بوو، بگرە کار لەسەر بونیاتنانی ئیمپراتۆریای ئۆراسی دەکات. لەو کاتەوە قۆناغێکی تر لە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا دەست پێدەکات، ئەویش بوونەوە بە زلهێزو گەڕانەوە بۆ سەر گۆڕەپاتی سیاسەتی نێدودەوڵەتی. شان بەشانی ئەمەش بیرۆستریکای چین دەستپێکردو ئەویش بەهێزەوە کەوتە بونیاتانی ئابوورەیکی ئۆراسی و جیهانی، بۆ ڕێگا گرتن لەم هەنگاوانە ئەمریکا سەرەتا ئەفغانستان (٢٠٠٢) و دواتریش ئیراقی لە ساڵی (٢٠٠٣) داگیرکرد، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی نیوکەوانەیەک بوو لە سنوورەکانی باشوورەوە بۆ ئابلۆوقەدانی ڕوسیاو بلۆککردنی بواری فراوانبوونی بەرەو ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست، لە ڕێگای ناتۆشەوە هەوڵیدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە ئابلۆوقەی رووسیا بدات و هاوکات دیوارێک لەنێوان چین و ڕوسیا دروست بکات، بۆ ڕێگا گرتن لە هەر هاوپەیمانیەکی ئاینده.. **بۆ لاپەرە ٢**

# ئەنفال: کارەساتە بەدناوەکە، یان شوناسێک بۆ ناساندنی نەتەوەیەک

دەبێ ئیتر یادکردنەوە و گێڕانەوەکانی ئەنفال تێپەڕێنین، کە چەندین ساڵە خەریکی دوبارە بونەوەیانین. ساڵ نییە بە حکایەت و یادکردنەوەی دوبارە نەکەوینە گیانی ئەنفال و بەجێماوەکانیان. ساڵ نییە نەکەوینە ئازاردانی ڕۆحی ئەنفال. لەمەدا پشکی شێر بەر دەسەڵاتدارانی هەرێم دەکەوێ، بێگومان لەو بارەیەوە ئەرکی سەرشانمان ڕەخنەگرتنێکی بێ سودە، چونکە بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتدارانی هەرێم نە دەبیستن، نە دەبینن. ئەوەی لێرەدا بەمەبەستە: تێپەڕاندنی یاد و حکایەتەکانە، کە چی تر نابێ کارەساتی ئەنفال بەو شێوەیە ببینین، کە کارەساتێکی مەرگ دۆستی ڕژێمێکی فاشیست بوە، ئەنفال لە هەناویدا هەڵگری مانای قوڵترە لەوەی دوای ئەو هەموو ساڵە هەمان یاد و هەمان چیرۆکەکانی دوبارە و سەدبارە لێبدەینەوە. ئەنفال دۆسێیەکە دەکرێ شوناسی لێ بەرهەم بێنین لە پانتاییەکی قوڵتر و فراوانترا، دەکرێ ئەنفال بکەینە شوناسێکی جیهانی و ئەو بازنە لۆکاڵییە بچوکە تێپەڕێنین، دەکرێ ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی وەک شوناس بناسێنین، لەسەر ئاستی گشتی و بە تایبەت کلتوری و ڕۆشنبیر، لەوانە ئەدەبی ڕۆمان بە زمانە گەورە و زیندوەکانی جیهان. لەڕوی هونەرەوە دەیان ئۆکستڕای گەورە بە زمانە زیندوەکان بەرهەم بێنین. لە ڕوی سیاسیەوە لە ناوەندەکانی جیهان ببێتە دۆسێیەکی شوناسی گەورەی جیهانی. لەسەر ئاستی ئابوری کار لەسەر زیانەکانی و کاریگەری لەسەر سەرچاوەی هێزی مرۆیی بکرێ.. هتد. بۆ ئەوەی چیتر بازنەی بچوکی لۆکاڵی ببرین و لە گێڕانەوەی حیکایەت دەربچێ و شوناسی لێ بەرهەم بهێنرێ، چونکە ئەنفال لە یاد و حکایەتەکانی زۆر گەورەترە.

**کێ ڕۆژنامەنوسە** مەجید ساڵح، ل ٣

**ئەمریکای دوای کۆرۆنا،** فوئاد سدیق ل ٤

**شەڕی ناوخۆی کورد،** سەردار عەزیز ل ٥

**شوعلە عەلی، ئەو ژنەی گەردی لێ نەنیشت..** ل ٧و ٨و ٩

**عومەری مەکتەبە، ئەستێرەیەک بە سنگی بەردەرکی سەراوە،** ل ٦

**ئەزمونی جۆرجیا لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیدا،** ل ١٥

**یادی ٣٢ ساڵەی ئەنفال و ڕوداوەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە،** ل ١٠ و ١١

**ئەنفلۆنزاکەی ١٩٥٧ی سلێمانی لە ڕۆژنامەی ژین،** ل ١٦

# کۆرۆنا، یاخود بەهاری ئەمریکی و ئەورووپی



**پاشماوەی ل ١...** ئەو دۆخە بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی(٢٠١٤) ئەو ساڵەی نفوزی رۆژئاوا گەیشتە ئۆکرانیا، دەروازەی روسیا بەرەو ئەوروپا. هاوکات لە ساڵی (٢٠١١) ئەو رووداوانە دەستییپێکرد، کە بە بەهاری عەرەبی ناوزەد کراو لە ئەفەریقاوە، سەرەتا لە تونس دەستییپێکردو پاشان لیبیاو روسیاشی گرتەوە، پاشان لە دەریای سوور پەڕیەوە بۆ سووریا، لەوێ چەقی بەست، وەک سەرۆکی روسیا راشکاوانە رایگەیاند:" رێگانادەین سوریا وەک لیبیای لێبێت". راستە بەهاری عەرەبی رەنگدانەوەی تووڕەی خەڵک بوو بەرامبەر ئەو رژێمە سیاسیانەی، کە ببونە بار بەسەر کۆمەڵگاکانیان، وەلێ لەبنەرەتدا هەنگاوێکی جیۆپۆلەتیکی مەترسیدار بوو بۆ خنکاندنی روسیا لە چوارچێوە جوگرافیە بەرتەسکەکەی خۆی، لەبەرئەوەی بەشێک لەو دەوڵەتانەی بەهاری عەرەبی گرتیەوە وەک لیبیاو سوریا دەروازەی روسەکان بوو بۆسەر دەریای سپی ناوەڕاست، بەمەش مەترسی بۆ بەرژەوەندیەکانی روسیا دروست کرد لە هەردوو دەروازەی روسی بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست (میسرو سوریا). لەساڵی (٢٠١٤) روسیا تەنگەتاو بو و بەشێوەیەکی سەربازی و لە رێگای ریفراندۆمێکی رووکەشەوە دەستی بەسەر نیمچە دورگەی کریم، دەروازەی روسیا بۆ سەر دەریای رەش و لەوێشەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست گرتەوە. لە ساڵی (٢٠١٥) بە شێوەیەکی سەربازی خۆی لە سوریا هەڵقورتاند. بەرامبەر ئەمەش سەرۆکی چین لە ساڵی (٢٠١٣) دەستپێشخەری پشتێنەورێگای راگەیاند، کە بریتی بوو لە زیندووکردنەوەی رێگای ئاوریشمی کۆن بە شێوازێکی نوێ، ئەم دەستپێشخەریە بەهۆی ئابووری بەهێزی چینەوە سەرکەوتنێکی ئێجگار خێرایی بەدەستهێناو گەیشتە ئەو قۆناغەی چین لە رێگای هۆکارەکانی گواستنەوە (هێڵی شەمەندەفەر، فرۆکەخانە، رێگای دەریایی، رێگای دیجیتەڵی) ئەورووپاو ئاسیا بەیەکەوە ببەستێتەوە. لە هەموو ئەمانە ئەمریکا نەیتوانی هێڵی سووری خۆی دیاربکات و بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات، ئەمە وایکرد (هێزی نەرمی ئەمریکی(soft power) لەسەر ئاستی جیهان دابەزێت و پێگەی ئەمریکا بگەڕێتەوە دواوە، لەساڵی (٢٠١٩) روسیا و چین بەوەندە نەوەستان بگرە هەوڵیاندا ئەمریکا لە شوێنی زۆر ستراتیژی وەدەرنێن، لەوانە سوریاو ئێراق، ئەمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان واتای دەرکردنی یەکجارەکی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەگەر تەماشای رووداوەکانی دوای هاتنی کۆرۆنا بکەین، هەمان شێوازی بەهاری عەرەبی لەخۆوە گرتووە لە هەلتەکاندنی سیستەمی سیاسی ئەورووپی و ئەمریکی. ئێستا ئەو سیستەمە ئەورووپیانەی بۆ ماوەی سەد ساڵ یاریان بەچارەنووسی جیهان دەکردو چی خراپە نەما بە مرۆڤایەتی نەکەن، دەستەوەستانن و رۆژانە کارەساتەکەیان گەورەتر دەبێت، بەرامبەر ئەمەش، بەپێچەوانەی چەند ساڵێکی کەم بەر لەئێستا فرۆکە فریاگوزاریەکانی چین و روسیا پەیتا پەیتا بەرەو دەوڵەتانی ئەورووپا و ئاسیا و ئەفریقا دەچن، بۆ گەیاندنی یارمەتی و کەرەستەو ئامێری تەندروستی!، کە ئەمە بە ئاشکرا گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە سیستەمی جیهانی دەخاتە روو، ئەو ئەمریکایەی، کە پێشتر وەک پۆلیسی جیهان رەفتاری دەکردو خۆی لە هەموو کێشەکانی سەر زەمین هەڵدەقورتاند، ئێستا خەریکە دەرەوەستی کێشە تەندروستی و ئابووریەکانی خۆی نایەت!.

ئەم دۆخە لە کۆتاییدا لە دوو گریمانە زیاتر بەخۆیەوە هەڵناگرێت، یاخود دەبێت ئەمریکا و ئەورووپا هێزە سەربازیەکەی خۆی بخنەکار بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی هێز، کە بەهۆی بوونی چەکی کاولکار ئەم هەنگاوە مەترسیەکی زۆری هەیەو بە سەرەڕۆییەکی ئێجگار گەورە لە قەڵەم دەدرێت، یاخود دەبێت دان بەو گۆڕانەی هاوسەنگی هێزی جیهانی دابنێن و سیستەمی جیهانی لەگەڵ چین و روسیا بەشێوەیەک رێکبخەنەوە، کە لەگەڵ ئەو واقعە نوێیەدا بگونجێت، کە هاتۆتە ئارا!. هەرچەندە ئەمریکیەکان لەکاتی ئێستادا هەڕەشە دەکەن بە گرتنەبەری سیناریۆی یەکەم، وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی :" باکێشەی کۆرۆنا چارەسەر بکەین، دواتر هەڵوێستمان دەبێت بەرامبەر ئەوانەی هۆکار بووینە". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری جێبەجێکردنی ئەو سیناریۆیە زۆر لاوازە، چونکە ئەمریکا ئێستا لەهەمان ئەو قۆناغەدا دەژیت، کە یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم تیایدا دەژیا، واتە خاوەنی تەرسانەیەکی هێزی تەقلیدی و ناتەقلیدی گەورەیە، وەلێ هاوکات لەناوەوە خەریکە ئابووریەکەی دادەرمێت، بۆیە دەبێت لە ئەمریکاش چاوەڕوانی گۆرباچۆڤێک بکەین، کە دان بەراستیەکان بنێت و ئەو هەنگاوە هەڵێنێت، کە پێویستە هەڵێنێت، ئەگینا کۆی مرۆڤایەتی دووچاری کارەساتێکی ئێجگار گەورە دەبێتەوە.

# کــێ ڕۆژنـامـەنـوسـە


مەجید سالْح

بە بیانوی ١٢٢هەمین ساڵیادی دەرچونی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە هەندێ کەس دوای نوسینی یەک-دو بابەت، یان بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا خۆیان لێ دەبێ بە ڕۆژنامەنوس... ئایا بەڕاستی ئەوانە ڕۆژنامەنووسن؟ ئەی ئەگەر ڕۆژنامەنووس نین چۆن لەو ڕۆژنامەنووسانە پیشەیی و راستەقینانەیان جیا کەینەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام و دیسپلینکراو بۆ کەناڵە بینراو و بیستراو ونوسراوەکان کار دەکەن؟ ئەوە کارێکی ئاسانە.. ڕۆژنامەنوسی پیشەیی و راستەقینە لە کەناڵیکدا کار دەکات، یان هەواڵ و راپۆرت ئامادە دەکات، یان چاوپێکەوتن دەکات و وتار و سەروتار و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان دەنووسێ. ئەمانە سەرەتایی‌ترین و گرنگترین مەرجەکانی ڕۆژنامەنوسیی پیشەیین. کەواتە: ڕۆژنامەنوسی پیشەی‌یە، وەک پیشەکانی دیکە، بەڵام ئەم پیشەیەش پێویستی بە شارەزایی و لیهاتویی هەیە و هەمو کەسێک ناتوانێ دەست بداتە کیبۆرد و ببێت بە ڕۆژنامەنووس. وەک پیشەی پزیشکی وایە، گەر پزیشکێک پسپۆڕی تەواوی لە کارەکەی‌دا نەبێ، لە جیاتی چارەسەرکردن، بەهەڵە سەدان نەخۆش دەکوژێت. ڕۆژنامەنووس ڕەخنەگر نییە! ئیشی ڕۆژنامەنووس ڕەخنەگرتن نی‌یە، گەیاندنی راستی‌یەکانە لەسەرچاوە راستەقینە و باوەڕپێکراوەکان بۆ رای گشتی.. گەیاندنی هەواڵ و زانیاری‌یەکی ناتەواو و بێ بنەما و بێ سەرچاوە لە لایەن کەسانێکی خۆ بە ڕۆژنامەنوس‌زان، کۆمەڵگایەک تووشی سەرگەردانی دەکات. ئەوەی دەیەوێت ببێ بە ڕۆژنامەنوس دەبێ لانی کەم چەندین خولی فێربون و ڕاهێنانی دیبێت و لە وردەکاری پیشەکە بزانێت. لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ماوەی نێوان ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ و شارەزای نەهێشتووەتەوە، ئەوەی دوو دێڕ لە دیوارەکەی خۆی‌دا دەنوسێ خۆی لێ دەبێتە ڕۆژنامەنوس. بەشی زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە خاوەنداریتی‌یەکەیان حزبە سیاسی‌یەکانن، کەناڵەکانیان پڕ کردوە لەو کەسانەی، کە بەناوی ڕۆژنامەنوسی‌یەوە شەوڕۆژیان خستوەتە سەریەک بۆ پڕوپاگەندە کردن و چەواشەکردنی رای گشتی، بەوەش تێریان نەخواردوە، بەهەزاران پەیج و ئاکاونتیان دروستکردوە بۆ شکاندن و ناوزڕاندنی نەیارەکانیان. جیانەکردنەوەی ڕۆژنامەنوسی پیشەیی لە پڕوپاگەندەچی هۆکارێکی سەرەکی‌یە بەوەی کۆمەڵگاکەی ئێمە راست و ناڕاستی پێ جیا نەکرێتەوە. بەدڵنیاییەوە تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەنوسی پیشەیی و راستگۆ لە ساختەچی و پڕوپاگەندەچی جیا نەکرێتەوە، دۆخەکە هەروا بەردەوام دەبێ و خراپتریش چاوەڕوانمانە..

# مژدەیەکی خۆش لە ڕۆژنامەی "ژین"ەوە

لاوک ڕەشید

مژدەیەکی خۆش لە ژمارە ١٣٥٣ی ڕۆژی ٢٥ی ٧ی ١٩٥٧ی ژینەوە. ئەم مژدەیە بۆ کڕیارانی پایسکیلە، کە بچن بۆ لای یوسفی عەبەکە، چونکە یوسف کوڕێکی خۆش معامەلەیە، بە قیست و قەرزیش ئەیفرۆشێ لە ڕاستی‌دا ئەم بانگەشەیەی بۆ پاسکیل کراوە، زیاترە لەوەی ئێستا پێی دەڵێن ڕیکلام، چونکە دەتوانی هەم ناوی بنێی ڕیکلام، هەم ناوی بنێی سەداقەت و پاکێتی ئەو کاتی سلێمانی، کە تەنانەت لە ڕیکلامەکانیشیان‌دا ڕەنگی داوەتەوە: "**مژدەیەکی خۆش**، **دانیشتوانی شارەکەمان ئەگەر ئەتەوێت ڕێگای دورت بۆ نزیک بێتەوە هەتا زوە پایسکلێکی روجی سریع بکرە، کە لە هەمو جۆرە پاسکیلێک قایم ترە و سوکترین پاسکیلە لە ڕۆیشتنا. انجا کە وابو خۆت بگەیەنە لای یوسفی عەبەکە لە شەقامی صابونکەران پاسکیلێکی لێ بکرە، یان بە قیسط، یان بە حاضر. هەرچی چۆنێک بێت یوسف کوڕێکی خۆش معامەلەیە بە هەمو جۆرێک ئەسازێت وە بە قیسطێکی هەرزان، ئەگەر مانگێ‌کیش نەت بو قیسطکە (دفع) بکەیت لێت رائەوەستێ، پێشەکی دو دینار وەرئەگری و باقی مانگەکانی تر یەک دینارە... خاوەنی یوسف عەبەکە لە شەقامی صابونکەران**"


مژدە یەکی خوەش

دانیشتوانی شارەکەمان ئەگەر ئەتەویت ریگای دورت بو نزیک بیتەوە هەتا زوە پایسکلیکی روجی سریع بکرە کە لە هەمو جورە پاسکلیک قایم ترە و سوکترین پاسکلە لە رویشتنا انجا کە وابو خوت بگەیەنە لای یوسفی عبەکە لە شەقامی صابونکەران پاسکلیکی لی بکرە یان بە قیسط یان بە حاضر هەرچی چونیک بیت یوسف کوریکی خوش معاملەیە بە هەمو جوریک ئەسازیت وە بە قیسطیکی هەرزان ئەگەر مانگی کیش نەت بو قیسطەکە (دفع) بکەیت لیت رائەوەستی پیشەکی دو دینار وەرئەگری وباقی مانگەکانیتر یەک دینارە .

خاوەنی یوسف عەبەکە

لە شەقامی صابونکەران

سوپاس بۆ بنکەی ژین، کە هاوکارە بوە لە پێدانی دیجیتاڵی ڕۆژنامەکە.

# ئەمریکا دوای کۆرۆنا

**فوئاد سدیق**

چوارساڵ پێش ئێستا، ترامپ بۆ بانگەشەی سەرۆکایەتی ئەمریکا، دەیگوت، ئەمریکا یەکەمە،ئەم وتەیەی زیاترنوقرچێک بوو بۆ وڵاتی چین ، ئەم نوقرچگرتنە، بەردەوام بوو، تا ڤایرۆسی کۆرۆناشی بەسەردا کەوت. گەورەترین قەیرانی ئەمریکا، کە ئێستا تێیکەوتووە، ئەوەیە، کاتێک ترامپ خۆی بە سەرۆکێک دەزانی کە سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات، کەچی لەئاستی ئەو قەیرانە قووڵەی رووبەڕووی ئەوروپای دۆستی نزیکی بووەوە، دۆش داماو، هیچ هاوکارییەکی نەکردن،لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی ئەمریکا بوو، هەموو ئەو وڵاتانەی بەهۆی ئازاری کۆرۆناوە دەیناڵاند، بێتە پێشەوەو رێوشوێنی پێویست وەک ئەوەی دەیگوت ئەمریکا یەکەمە، ئەمڕۆش هەر ئەمریکا یەکەم بوایە، نەک غائب بوایە.تەنانەت لە هەماهەنگیکردنی وڵاتانی دیکە رۆڵی بەرەنگاربوونەوەیەکی پێکەوەیی بەرانبەر بەم ڤایرۆسە نەبینی و، بۆ دۆزینەوەی ڤاکسینێکیش هیچ هەمانگییەکی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا نییە. کشانەوەیشی لە who لەم کاتەدا بڕیارێکی زۆر سەر شێتانە بوو،چونکە ئەمڕۆ هەموو گەلانی جیهان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بەم رێکخراوە هەیە بۆئەوەی ڤاکسینێکیان بۆ بدۆزێتەوە، نەک بەرانبەری بوەستێتەوە.هەر هیچ نەبێ تا ئەو پەتایە لەناودەبردرا، بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان و تەواوی رێکخراوە مرۆییەکان رەخنەیان لەو بڕیارەی ترامپ گرت. ئەمریکا، لەماوەی ئەو ٧٠ ساڵەی رابردوودا، بەتایبەتیش لەسەردەمی ترامپ بەشێوەیەکی زۆر چڕ تر هەموو رێگاکانی بۆ هێزی سەربازی بەکارهێناوەو، هەموو رێگاکانی دیکەی هاوکاری و تەبایی و هەماهەنگی و ...هتد لە تاریکیدا جێهێشتووە. ترامپ هەستدەکات ئەو هێزو بازووەی بەهەموو جیهانی نیشاندەدا، ئێستا لەبەرانبەری خەریکە هێزی دیکەش دروستبوونە، بۆیە پەلاماری هەموو لایەک دەدات و لە دەیان رێکخراوی جۆراوجۆر کشاوەتەوە، جگە لەمانە، ترامپ هەڕەشەی لە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانیش کردو گوایا بەپێی دەستوور دەتوانێ سەرجەم کارو چالاکییەکانی کۆنگرێس هەڵپەسێرێت، کە لەمێژووی ئەمریکادا، کاری لەمجۆرە نەکراوە!!. چونکە ئەمریکا واتا دەستوور، واتا دامەزراوە جیاوازەکان، نەک کەسێک و سەرکردەیەک.هەر ترامپ بوو دوای ئەوەی who لە ٢٠٢٠/١/٣٠ وتی ئەو پەتایە جیهانییە، بەڵام ترامپ لە شوباتدا وتی کۆرۆنا لە ئەمریکا هیچی پێ ناکرێ . هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم، هەلی زێڕینیان بۆ ئەمریکا رەخساند، تا وەک وڵاتێکی زەبەللاح بێتە پێشەوەو بڵێ من یەکەمم، بەڵام ئەمجارە شێوازی شەڕ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو جوگرافیا هیچ رۆڵێک لەم شەڕەدا نابینێ، ڤایرۆسی



کۆرۆنا، نموونەیەکی زەقە کە چۆن خەریکە تەنگی بە ئەمریکا هەڵچنیوە، لەم قەیرانەش دەرکەوت نە ئەمریکا دۆستی هیچ وڵاتێکە، نە هیچ وڵاتێکیش متمانەی بە ئەمریکا هەیە، بۆیە ئێستا ئەمریکا بە تەنیایە. ئەمریکا لە بەرانبەر چین ترسی تەواوی لێنیشتووە، نەک لە سەروبەندی کۆرۆنا، بەڵکو چەند ساڵێکە ئەو ترسە تا دێت کەڵەکە دەبێت، ئەوەتا هەست بەوە دەکرێ، ئەو هێزەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆی کردۆتەوە، بەرەو ئاسیا بۆ رکابەری چین بیگوازێتەوە. ئەمە هەر لە سەردەمی کلینتۆنەوە ئەو بۆچوونە زاڵ بووە،دەستتێوەردانی ئەمریکاش لە تایوان و ئۆکرانیاو ڤەنزویلاو..هتد، هەر بۆ ئەوەیە، سنوورێک بۆ نەیارە رکابەرەکانی بکێشێ، بەڵام وا پێدەچێ، ئیتر ئەو سنوور کێشانە رۆڵیان نامینێ و ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو سنوورێکی بەزاند، شەپا زلە یەکی توندیشی لە بن گوێی ئەمریکا دا.ئێستا ئابووری ئەمریکاو ئەوروپا لە ریزبەندی پێشەوەی دارمانی ئابووریدان و دوای کۆتاییهاتن بە کۆرۆنا، ئەو رمانە ئابوورییە زیاتر دەردەکەوێت، قەبارەی دەستاوەدستکردن و ئاڵوگۆڕی ئابووری جیهانی ٩٢% $ کە بەهاکەی ٥ تریلیۆن $، تەنیا ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٩ بەهاکەی ٧٣٠ ملیار $ بووە. ترامپ راستیدەکرد کە دەیگوت ئەمریکا یەکەمە، لە بواری زانکۆ لە(١٠)زانکۆ یەکەمەکان،(٥)زانکۆ هی ئەمریکایە،لە کۆمپانیاکان زەبەلاحترینیان ئەمریکی بوون،لە ئینتەرنێت هەر ئەمریکا یەکەم بوو، زمانی ئینگلیزی ببوو بە یەکەمین زمانی گەلان بۆ ئاخاوتن، بیبسی کۆلاو ماکدۆنالدو..و ...و هەمووی سەرچاوەکەیان ئەمریکایە، بەڵام ئەگەر ئەمریکا بکەوێتە ناو قەیرانی قووڵی ئابوورییەوە کە ئێستا تا دێت زیاتر دەخزێتە ناو ئەو قەیرانەوە، زۆربەی ئەو کۆمپانیا ئابوورییانە لەدەست نادات ؟ کە ئێستا خەریکە لە زۆربەیان وڵاتی چین پشکی تێدایە، کە پێش کۆرۆنا ئەو پشکەی نەبوو. لە راستیدا تەواوی جیهان کەوتۆتە ناو گێژاوێکەوە، کە دیار نییە کەی لێی دێتە دەرەوە، بەڵام لە هەموان زیاتر ئەمریکا لەناو ئەو گێژاوەدا گینگڵ دەدات ناتوانێ بە ئاسانی لێی بێتە دەرەوە، ئەم پەتایە ناکۆکی نێوان چین و ئەمریکای قووڵترو خێراتر کردەوە، دوای کۆرۆنا، باشتر لە رابردوو بازووی یەکتری با دەدەن، بەڵام با بزانین چین لە چ دۆخێکدایە، وتاری داهاتووم لەسەر چین دەبێت.

# شەڕی ناوخۆی کوردی؟!

سەردار عەزیز

چەند ساڵێک لەمەوپێش خانەیەکی بیری ئەورووپی داوای لێکردم پۆڵەسی پەیپەرێکیان دەربارەی پێشمەرگە بۆ بنوسم. لەو نوسینەدا ئەو چەمکەی کە دامڕشت بۆ کار لە سەر کردن چەمکی شەڕی ناوخۆی نەرم بوو، soft civil war. چەمکەکە لە لایەن تیمی ریفۆرمی پێشمەرگەشەوە وەک چەمکێکی گرنگ وەرگیرا، بە تایبەتی بەریتانییەکان. شەڕی ناوخۆی کوردی شەڕێکی بیرلێنەکراوەیە. بە گشتی شەڕی ناوخۆ لە دونیادا ئەوەندە بیرلێکراوەنیە، لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت و ئاڵۆز. لەوانە، شەڕی ناوخۆ خوێناویترین و پڕ ئازارترین شەڕە. لە سەردەمی ڕۆمانەکانەوە هەتا ئەمڕۆ هەموو ئەدەبیاتەکان وەها دەڵێن. دووەم، شەڕی ناوخۆ بە ئاسانی تەواونابێت. کاتێکیش تەواو دەبێت، بە شێوازی جیاواز درێژەی دەبێت. سێیەم، زۆرجار باسکردنی شەرمەزارییە، بە تایبەتی زۆرێک لە بیرمەندان دەبنە لایەنگر، بەڵام شەرم دەکەن کە لایەنگرن. شەڕی ناوخۆی کوردی نزیکەی پەنجا ساڵە بەردەوامە. بۆ ئەوەی لەم مێژوە تێبگەین دەبێت لە شەڕی ناوخۆ وەها بنوارین کە تەنها بریتی نیە لە شەڕی تەقە و سەنگەر، بەڵکو لە زۆر ئاستی تریشدا بەردەوامی هەیە.

چەمکی شەڕی ناوخۆی نەرمی کوردیم دارشت، وەک چەمکێک بۆ تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی هێزەکانی پێشمەرگە یەکناگرنەوە. شەڕی ناوخۆ نەرم یانی شەڕ تەواونەبوە، بەڵام بە شێوازی جیاواز لە ئاستی ئابوری، کۆمەڵایەتی، یادەوەری، ئەدەبیات، میدیا، پانتایی کۆمەڵایەتی مەجازیدا ڕودەدات. بۆ ئەوەی جەنگی ناوخۆی نەرم درێژەی هەبێت، پێویستە ناو بە ناو گرژی و هەڵچون و جوڵانی هێز ڕوبدات، هەتا زەخیر بدات بە سوپا یان پێشمەرگە ئەلیکترۆنییەکان درێژە بە خەباتەکەیان بدەن. سوپای ئەلیکترۆنی یەکێکە لە کوشندەترین جۆری سوپا، کە زۆرێک لە کۆمەڵگا و وڵاتانی تەنیوە، لە نێویاندا کوردستانیش، بە تایبەتی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێکارن و بەردەوام لە سەنگەرەکانی ئەم شەڕانەدان. سوپای ئەلیکترۆنی، سەرچاوەی بژێوی زۆرێک لە خەڵکە لە کوردستان، ئەمە یەکێکە لە سەرچاوەکانی گەندەڵی.

ئەم ڕۆژانە شایەتحاڵی گرژییەکی ترین لە ملوانکەی شەڕی ناوخۆی کوردیدا. هەرجارێک گرژییەکان ووردە هۆکاری خۆی هەیە، بەڵام هەمیشە کۆمەڵێک هۆکاری گەورەی نەگۆڕ هەیە.



چونکە شەڕی ناوخۆ باشترین ڕێگایە بۆ ورووژانی ڕەعیەت، هەمیشە سەرکردە نوێکان بە خیتابێکی توندەوە باوەش بۆ شەڕی ناوخۆ دەکەنەوە. شەڕی ناوخۆ لە بەر زامە قوڵەکانی و نەبونی پرۆسەی وەک بەرهەمهێنانی ئاشتی و چۆنێتی سازشکردن و گواستنەوە بۆ قۆناغی ناشەڕ، هەمیشە بە گەرمی لە لایەن جەماوەرەوە وەردەگیرێت. دەکرێت بڵێین کە تاوانبار و زیانلێکەوتوی هەرە گەورە لە شەڕە ناوخۆکاندا هەمیشە خەڵکن. ئەم زیانانە لە نەوەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی تر چونکە زۆربەی کۆمەڵگاکان ناتوانن بە سەر جوگرافیا بچکۆلەکان و جیوپۆلەتیکە تەسکەکانیاندا زاڵ بن. هەژاری یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ. لە کاتێکدا ئێمە بەرەوە قۆناغێکی بێپارەیی دەڕۆین، ئەوا مەترسی شەڕی ناوخۆی ڕەق زیاتر دەبێت. لە نەوەدەکان لە سەر برایم خەلیل شەڕ کرا. بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت ئەوەیە کە شەڕی ناوخۆ براوەی نیە. لە رابوردودا هێزە هەرێمیەکان لە دورەوە بە ریموت-کۆنترۆڵی تایبەتی خۆیان ئیدارەی شەڕی ناوخۆی کوردییان داوە. ئەمڕۆ ناوچەکە بە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و ئێمە لە سەردەمێکی جیوپۆلەتیکی جیهانییەوە دەگوێزینەوە بۆ سەردەمێکی تر. ڕەنگە ئێمە بتوانین شەڕ دەست پێبکەین، بەڵام درێژەپێدان و کۆتایی پێهێنانی بە دەستی کورد نابێت. خێرا ململانێیەکی وەها دەبێتە مایەی سەرنج و بەرژەوەندی ئەو هەمو هێزانەی کە بەرژەوەندییان هەیە لە ناوچەکەدا. لە شەڕی ناوخۆدا لایەنی باش و خراپ نیە، هەمو لایەک تاوانبارە. چونکە ئەو ململانێیەی کە شەڕی لە سەر دەکرێت، دەبێت ئێستا ڕون بێت کە شەڕ شێوازی چارەسەری ئەم ململانێیە نیە.

# عومەری مەکتەبە، ئەستێرەیەک بە سنگی بەردەرکی سەراوە

دەوەن مەعروف

لە دامێنێ سەرا، دوکانێک هەیە تەوقدراوە بە بۆنی کتێب و قسەی نەستەق. هەر ڕێبوارێک بەو نێوەدا گوزەر بکات، بە ناچاری نیگاکانی دەخاتە سەر ئەو کتێبانەی، کە وەک فەرشی کاشان، بە جامخانەی دوکانەکەدا ڕیزکراون. ڕەفەکانی دەرەوەی وەک باخچە هەڵواسراوەکەی نەبووخەد نەسر، بە بەرگی کتێبە دانسقەکان ڕازاوەتەوە. بەیانیان بەرلەوەی تیشکی خۆر دانەوێتە ناو سەرا، کتێبەکان وەک ئینجانەی بەر حوجرەکەی بێخود، لەشانی یەک دانراون. هەموو بەیانییەک پیاوێک بە سەتڵێک ئاوی سەرچاوەکەی سەرچنارەوە، بەر دوکانەکەی ئاوپرژێن دەکا، تا کتێبەکان تۆزیان لێ نەنیشێت. بۆنی خاک و بۆنی وشە و ڕستە، ئەو ناوە قان دەدەن و ڕێبواران ناچار دەبن دەستەکانیان بۆ کتێبەکان ڕاکێشن و هەواڵی ڕۆمانێکی نوێ بپرسن. هێشتا سەتڵە ئاوەکەی بەدەستەوەیە، دیلان دێت و سڵاوێک دەکا:

"- کاکە عومەر بەیانیت باش، ئەوە کەی بەربوویت؟ ویستم بێم بۆ ماڵەوە بۆلات! چۆن لەدەست ئەم زاڵمانە ڕزگارت بوو؟

سەرێکی بەرزکردەوە! دەستی ڕاستی بڵند کرد، خەریک بوو داوی چاویلکەکەی لە سەتڵەکە گیر ببێت.

- کاکە حەمەساڵح گیان، ئەمانیش وەک ئەم داوی چاویلکەیە وان. هەر لەخۆیانەوە و بێ ئەوەی گوناحت کرد بێت، دەتخەنە تەپکەی خۆیانەوە. چی بکەین، بەڵایەکە و هاتووە و دەبێت ئەو ئازارە بچێژین تا کۆتاییان دێت.

- کاک حەمەساڵح، کەمێک هاتە پێشەوە و دەستی برد و تەوقەیەکی گەرموگوڕی لەگەڵدا کرد. هێشتا دەستیان لەنێو دەستی یەکتردا بوو. بە چەند هەنگاوێک چوونە نێو مەکتەبەکە.

- بێ قەزا بی، تۆ نابێت ئاگات لە خۆت بێت، زەمانێک تێ کەوتووین کەس متمانەی بە کەس نەماوە. ئەوە ماوەی چەند ڕۆژێکە چامەیەکی تازەم نووسیوە بەناوی (سێبەری پەرت حەزدەکەم چەند دێڕێکت بۆ بخوێنمەوە!

- بەرلەوەی بیخوێنیتەوە، با بە حاجی شەریف بڵێم دوو چاییمان بۆ بێنێت.  حاجی شەریف، چاییەکانی هێنا و دیلانیش کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، سڵاوی کرد و ڕۆیشت. دیلان قومێکی لە چاییکەی دا. پیاڵەکەی خستەوە نێو ژێرپیاڵەکە. سەیرێکی کاک عومەری کرد.

- دەستخۆش کاک میرزا گیان، ئەمەیە تامی چای سنووق.

**(گڕەی چلەکەی ئیمساڵ گەرم بوو...  سکڵ باران بوو**
**بای باوەشێنی جاران نەرم بوو...   شنە هێنان بوو**
**سێبەری خەستی ئارەق فڕێن بوو...   لەو شاخ و داخە**
**پشووی ژێر گەڵای گڕە بزێن بوو...   لەو دۆڵ و باخە)**

ئیتر تا ئێرە بەسە، لە دوای هەڵچنی، جارێکیتر کە هاتمەوە بۆلات بۆت دەخوێنمەوە. من دەبێت سەرێکی نێو بازاڕ بدەم. ماڵئاوا کاکە عومەر گیان.



- سەرچاوانم هاتی، تکایە کە دیوانەکەت چاپ کردەوە با ئەم چامەی تیا بێت!

کاک حەمە ساڵح، ئاوڕێکی دایەوە، کە لەوسەر گەڕامەوە نامەیەکم هەیە بۆ دکتۆر مارف خەزنەدار، گەر کەسێکی خۆمانەت دەستکەوت، بۆم بنێرە.

- بەچاوان، هاورێی باشمان هەن بەمزووانە دەچن بۆ هەولێر و بۆت دەگەێنن. ئەم مەکتەبەیە تەنیا شوێنی کتێب نەبوو، بەشێکی زۆر لە پیاوە ناسراوەکانی شار و ئەدەبیەکان ڕوویان تێ دەکرد. کورد وتەنی: ژووانی کوردپەروەران بووە. لەسەر دەمی بەعسییەکان و حکومەتی هەرێمدا کاکە عومەری مەکتەبە، یازدە جار گیراوە. هەموو جارەکان لەسەر ئەو کتێبانە بوون، کە پێشەنگی بیریی ئازادیخوازان بوون. تا ئێستاش ئەو ژووانە بەردەوامەو نەوە لەدوای نەوە ئازادیخوازان نوێ دەبنەوە. وێنەی کاکە عومەر نەک هەر لەناو مەکتەبەکەیدا ئەدرەوشێتەوە. بەڵکو لەنێو دڵی شار و هەموومانداا زیندووە. هەزاران چەپکە گوڵ بۆ یاد و یادەوەریی کاکە عومەر عەبدولڕەحمان، ناسراو بە کاکە عومەری مەکتەبە. کتێبخانەی سلێمانی لەساڵی ١٩٦٨ بنیادنراوە. لەدوای ژیانئاویی کاکە عومەر، کاکە جوتیار وەک خاڵە دڵسۆزەکەی بەدەم خەندە و پێکەنینەوە بەرەو پیری میوانەکانەوە دەچێ و هەروەک ئەوسا هەموومان وەک کاک حەمە ساڵەح دیلان، چاییەکەش دەخۆینەوە. مامۆستا ئازاد و کاکە ڕۆمانیش هەمان ڕێچکەیان گرتووە و بە زمانی شیرینەوە کتێبەکان بۆ خوێنەران هەڵدەبژێرن.

# شوعلە عەلی، ئەو ژنەی گەردی لێ نەنیشت..

**لاوکۆ ئەحمەد**

**"مرۆڤ لە دایک ئەبێ، ئەمرێ، کەمن، بگرە زۆر کەمن، ئەوانەی کە نامرن. ئەوانەی کە نامرن و لە دڵی میللەتەکەیاندا ئەژین. ئەوانەن، کە ژیانی خۆیان بۆ گەلەکەیان تەرخان ئەکەن و، لە کاتی پێویستدا گیانی خۆیان بەو پەڕی هۆشیاری و ئاگاییەوە بە گەلەکەیان ئەبەخشن"**


ئەم چەند دێڕە هەستی نەوشیروان مستەفایە، کە لەبری پێشەکی بۆ کتێبی "شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران" نوسیویەتی. بێگومان شوعلە عەلیش یەکێکە لەو مرۆڤە شۆڕشگێڕ و سەنگینانەی بەشێکی زۆری ژیانی گەنجی خۆی بۆ گەلەکەی تەرخان کرد، بۆیە هەمیشە لە دڵی میلەتەکەیدا ئەژی.




شوعلە عەلی سەعید ڕۆژی ٢٢ی ٢ی ١٩٥٥ لە گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر، لە دایک بوە. خێزان و بنەماڵەکەی لە دو لاوە کاریگەری هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕییان بەسەر شوعلە خانەوە هەبوە، لە لایەک باوکی، کە لە لاوێتییەوە خەریکی کاری سیاسی و حیزبایەتی بوە و سەردەمانێک ئەندامی باڵای لقی ناوخۆیی حیزبی شیوعی بوە لە سلێمانی، ئەمە بێجگە لەوەی پیاوێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی بوە. لە لایەکی ترەوە ماڵی خاڵوانی یەکێکن لە بنەماڵە ناسراوەکانی سلێمانی و هەمیشە لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی ئەو کاتی سلێمانیدا دەور و کاریگەرییان هەبوە، بە تایبەت لە دروست بون و سەرهەڵدانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی. ماڵەکەی عەلی سەعید وەکو ماڵی هەمو خوێنەوار و ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی، کتێبخانەیەکی بچوکی تێدا بوە. بێگومان ئەو کتێبخانەیەش کاریگەری خۆی هەبوە، نەک بە تەنیا بەسەر شوعلە خانەوە، بەڵکو بەسەر براکانیشییەوە، کە دواتر دوان لەو برایانەی بە ناوەکانی شێرکۆ و شوان (شامیل) لە پێناو کاری سیاسی و خەبات کردن لە پێناو گەل و نیشتمانەکەیان شەهید بون. خۆشی لە تەمەنێکی زۆر کەمدا بیری پێشکەوتنخوازی لا دروست بوە. ئازا و ئازاد و خۆڕاگر بە هەمان توانای پیاوانی قۆناغەکەی خۆیەوە، بێ گوێدانە جیاوازی ڕەگەز، لە پاڵ براکانیدا کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دەست پێ کردوە. شوعلە عەلی، سەرەتای لە قوتابخانەی زەهرا و، ناوەندی و ئامادەیی لە کوردستانی کچان لە سلێمانی تەواو کردوە، دواتر دەچێتە بەشی کارگێڕی لە زانکۆی سلێمانی و بە سەرکەوتویی قۆناغەکانی زانکۆ ئەبڕێ. ئەو کاتەی لە زانکۆی سلێمانی ئەبێ، کاتی گەشەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوە لە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٧٧ لە کاتەدا شوعلە ئەبێ بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. کاری سەرەکی لە ڕێکخستنەکاندا چاپ و ڕۆنیۆ بوە، لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی بە ناوی گوڵزار غەریب، بەشێکی زۆری بەیان و چاپ کراوەکانی کۆمەڵەیان لە سلێمانی چاپ و بڵاو کردوەتەوە. دوای تەواوکردنی زانکۆ، ئەبێتە کارمەند لە بەڕێوبەرایەتی باج و دەرامەتی سلێمانی، لەوێش نەک دەستبەرداری کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی نابێ، بەڵکو چالاکتر لە جاران کارەکانی ڕێکخراوەیی ئەنجام ئەدا.

لەم سەروبەندەیا قۆناغێکی سەخت ڕوی ئەکاتە شۆڕشگێڕانی کورد، چونکە بەعس لەوپەڕی نەشئەی سەرکەوتنەکانیدا بوە، بۆیە بە ئاگر و ئاسن ئەکەوێتە گیانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە. لەم کاتەدا شوانی (شامیل) برای، چەند پلەیەکی ڕێکخراوەیی لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەبڕێ و ئەبێتە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران، دواتر ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. شوعلە خان هاوکارێکی زۆر باشی شوانی برای ئەبێ... ل ٨

بە تایبەت لە گواستنەوەی بەیان و نامەکانی کۆمەڵە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ شوان و بەشێ لە هاورێکانی لەلایەن بەعسەوە گومانیان ئەچێتە سەر و دواتر ئاشکرا ئەبن، چەکی پێشمەرگایەتی ئەکاتە شانی و لەگەڵ چەند هاورێیەکی ئەچنە قازانقایە، پاش چەند مانگێ لە رۆژی ٣ی ٩ی ١٩٧٧ جەیش و جاش ئەدەن بەسەر شوان و شەش هاورێی تریا، نزیکەی سێ سەعات بەرگری ئەکەن، لە شەڕەکەدا پێنج



هاورێیان شەهید ئەبێ، تەنها شوان و رێبوار ئەمێننەوە، بەڵام فیشەکیان پێ نامێنێ، ناشیانەوێ خۆیان بدەن بە دەستەوە، بۆیە هەردوکیان باوەش ئەکەن بە یەکتردا و بەو تاکە نارنجۆکەی پێیان ماوە، خۆیان شەهید ئەکەن. شەهید بونی شوان نابێتە شکست بۆ شوعلە، بەڵکو ئەبێتە هێز و باوەڕی زیاتر بە ئامانجەکەی .

ساڵی ١٩٨٢ رەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" خوازبێنی شوعلە خان ئەکا، بەو پێیەی کاک نەوشیروان ناو ناوبانگێکی باشی لە خەبات و خۆنەویستی و شۆڕشگێڕیدا لای بنەماڵەکەی شوعلە عەلی ئەبێ، بە داواکەی رازی ئەبن. دواتر رێورەسمی خوازبێنی لەلایەن هەردو بنەماڵەوە لە سلێمانی بە نهێنی ئەنجام ئەدرێ، دوای مانگێک شوعلە خان لەگەڵ پوری ئەچێتە سەرگەڵو، لەوێ ئەچێتە ماڵی یەکێک لە براکانی، کە پێشمەرگە ئەبێ، هەر لەوێ رێورەسمی مارە کردن و گواستنەوەی بۆ ئەنجام ئەدرێ. لێرە بە دواوە خەباتی نهێنی شار ئەباتە شاخ، ئەمە بێجگە لەوەی ئەرکی ماڵ و هاوسەری ئەکەوێتە سەر شان، بەتایبەت ئەرکی هاوسەرەکەی، کە سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران بوە و هەمیشە ماڵەکەی پڕ بوە لە کادر و پێشمەرگە، بۆیە ژیانی پڕ ئەبێ لە کار و فرمان، لە هەمانکاتدا ئەبێتە قەڵایەکی گەورە بۆ هاوسەرەکەی. شوعلە خان لە شاخیش بە هەمان شێوەی خەباتی شار، سۆز و میهرەبانی زۆری هەبوە بۆ هاورێ پێشمەرگەکانی، هەمیشە حەزی بە هاوکاری دەوروپشتەکەی بوە، بێگومان ئەوەشی سەلماندوە، چونکە لە زۆربەی ئەو شەڕانەی روبەروی هێزی پێشمەرگە بۆتەوە، ئەم و بەشێ لە هاورێکانی، کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، هەمیشە لە هەوڵی ئامادەکردنی خواردن و پێداویستی و دەرمان بون بۆ پێشەوەی جەبهەکان. بە تایبەت ئەو هێزانەی لە ناوچەکانی شارەزور و گەرمیان و هەولێرەوە دەهاتنە سەرکردایەتی و دواتر ئەگەڕانەوە بۆ شوێنی چالاکیەکانیان.


ساڵی ١٩٨٤ کوڕێکیان ئەبێ و ناوی ئەنێن نما، نما کورتکراوەی ناوی "نەوشیروان مستەفا ئەمین"ە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ کوڕ و کچێکی بە سکێ لە شاری کرماشان ئەبێ و ناویان ئەنێن "چیا و چرا". لەو کاتەی لە نەخۆشخانە ئەبێ، هەواڵی شەهید بونی شێرکۆی برای بۆ ئەهێنن، شێرکۆ یەکێ ئەبێ لە ئەندامی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی، لە چالاکیەکی ئەو رێکخراوەدا لە شەقامی پیرەمێرد، بە دەستی دەزگا ئەمنیەکان شەهید ئەبێ.

ساڵی ١٩٨٧ لەبەر ئەوەی وەزعی شاخ تا دێ بەرەو خراپی ئەڕوا، ئەمیش ئەرکێکی زۆری لەسەر شان ئەبێ، بۆیە بڕیار ئەدا چیا و چرا بهێنێ بۆ سلێمانی و لای خزمەکانی دایانبنێ. شوعلە خان بە دو منداڵەکەیەوە دێتە سلێمانی، دواتر لە رێگای رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەوە بەرێ ئەکرێتەوە بۆ سەرکردایەتی، سەرەتا دو سەیارەی بۆ ئامادە ئەکەن، یەکێک لە سەیارەکان لە دوایانەوە ئەبێ و چاودێریان ئەکا بۆ کاتی پێویست، ئەو سەیارەیەی شوعلە خانی تیا ئەبێ، رەزاق عارف لێی ئەخورێ، مامۆستا شێخ



عەبدول، کە یەکێک ئەبێ لە ئەندامە باڵاکانی رێکخراوی سلێمانی لە هەمان سەیارەی شوعلە خان ئەبێ. لە رێی سورداش وەرئەگەڕێ، دەستبەجێ شێخ عەبدول گیانی ئەسپێرێ، بە سەیارەی دوەمیان شوعلە خان و عەبدولڕەزاق بە بریندار و شێخ عەبدول بە مردوی ئەهێنێتەوە بۆ سلێمانی. لەم روداوەدا شوعلە خان فەقەرات... ل ٩

و سەری عەزێتی پێ ئەگا. لە ڕێگای د. نەجات ئەیبەنە نەخۆشخانە، بەڵام بە ناوی خوازراوەوە داخڵی نەخۆشخانەی ئەکەن. پاش ئەوەی سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە ئەمێنێتەوە، ئەمنی سلێمانی بە ڕوداوەکە ئەزانن. بۆیە ئەچن نەخۆشخانەکانی بۆ ئەگەڕێن. بەڵام لەبەر ئەوەی بە ناوی خوازراوەوە داخڵی نەخۆشخانە کراوە، نایدۆزنەوە. دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە لە ڕێگای ڕێکخراوی‌سلێمانی‌یەوە ئەیبەنە ماڵی خزمێکی خۆی، کە زۆر لا چەپەک بوە.



ڕێکخراوی سلێمانی ڕێگای سەردان کردنی لەلایەن کەسە نزیکەکانی‌یەوە لێ قەدەغە ئەکات و خۆیان سەرپەرشتی هەمو کاروبارەکانی ئەکەن. ڕۆژانە برینپێچێک بە ناوی ئەحمەدەوە ئەبەنە لای و تەداوی ئەکا. دوای ماوەیەک دو کەس لە بەرپرسانی ڕێکخراوی سلێمانی بە ناوەکانی شەهید جەبار و ئاکۆ وەهبی، ئەیبەن بۆ ماڵی خزمێکی کاک نەوشیروان. پاش ماوەیەک لەوێش ئەیگوێزنەوە بۆ ماڵی شەهید جەبار. پاش ئەوەی ڕێکخراوی سلێمانی دڵنیا ئەبنەوە لە تەندروستی، هەر خۆیان جارێکی تر بە ڕێگای قەڵادزێدا ئەیبەنەوە شاخ. ئەم ڕوداوە ئەبێتە ئازارێکی نەبڕاوە بۆ گیانی شوعلە خان و تا گیانیشی سپارد ڕاستەخۆی کاریگەری لەسەر تەندروستی هەبو، چونکە بەردەوام عیلاجی بەکار ئەهێنا.



دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ شوعلە خان دێتەوە بۆ سلێمانی، لەو ساتەوە تا دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان ناچێتە ناو هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و پێی وایە ئەرکی سەرشانی لە خەبات و قوربانیدانا بەجێ هێناوە. بەڵام لەو کاتەی کاک نەوشیروان لیستێک بە ناوی "لیستی بزوتنەوەی گۆڕان" دروست ئەکا، ئەمیش شانبەشانی هاوڕێ ژنەکانی بۆ پشتیوانی لەو لیستە، لە هەمو کۆڕ و کۆبونەوە جەماوەری‌یەکان و، تەنانەت هەمو شار و شارۆچەکەکانی کوردستان بەشدار ئەبێ، ئەمە بێجگە لەوەی هاوکار و پشتیوانێکی گرنگی کاک نەوشیروان ئەبێ لە کارەکانی‌دا. لەم سەروبەندەیا لە ساڵی ٢٠١٢ ئەچێتە ماڵی خوا و فەریزەی عەمرە بەجێ ئەهێنێ.



هەرچەندە شوعلە خان ژیانی گەنجی و جوانی لە کوخ و پەناو پاساردا. جار جارەش لە ماڵێکی سادەیا، بە کوێرەوەری و دەربەدەری بردۆتە سەر، بەڵام توانیویەتی ببێتە ژنێکی سەنگین و خۆشەویستی هەمو کوردستان. چونکە خەمی ئەو ژیانی پێشمەرگە و خێزانی شەهید و نادادی دەسەڵاتداران بوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ یەک جاریش مەکانەی هاوسەرەکەی بۆ مەرامی شەخسی بەکار نەهێناوە. بۆیە هەر کەسێ، بە یار و نەیارەوە ئەم شاژنەی بناسیایە، شایەتی ئەوەی بۆ ئەدا چەند مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە، چەند سادە و لەخۆبردو، چەند میهرەبان و گەورە بوە.

شوعلە خان ڕۆژی ١٧ی ٣ی ٢٠١٧ لە شاری سلێمانی بە نەخۆشی کۆچی دوایی ئەکا و لە گردی سەیوان، لای شەهیدان شوان و شێرکۆی برایەوە بە خاک ئەسپێردرێ. مەراسیمی بەخاک سپاردن و پرسەکەی، گەورەیی ئەم شاژنەی دەرخست.

**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**١. بەرنامەیەکی دۆکۆمێنتاری KNN ٢٠١٧ ئامادەکردنی، هەڵمەت عەلی.**

**٢. کتێبی ناساندنی سەروەرێک، نوسینی: شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد.**

**٣. کتێبی "شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، نوسینی سامان فەوزی".**

## بیرەوەری: ٣٢ ساڵ تێپەڕبون بەسەر ڕۆژانی کارەساتی ئەنفال و ڕوداوەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمەدا..



سامان عوسمان

**بەشی یەکەم: پێشکەشە بە خوێنەری بەڕێز و ئەو هاورێیانەی خۆیان لەم بیرەوەریەدا ئەبیننەوە.**

ئەکرێ ڕووداوەکان باسی هەمە جۆری لەسەر بکرێ ، وە هەر بەشدار بوویەک ئەوەی خۆی تیا بینیوەتەوە وەک گۆشەیەکی بچووکی ئەو ڕۆژارانە بهێنێتەوە یاد. من هەوڵ ئەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتی چیرۆکی تیپی ٥٧ی سەگرمە بهێنمەوە یادی خۆم و هاوڕێکانی ئەو سەردەمەم، کە بەشێکیان لەژیاندا ماون. هیوادارم یارمەتی دەربن بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکورتیەکانی. هەرچەند ڕۆژمێری هەموو ڕۆژەکانم لە بەر دەستا نیە و لە ڕۆژمێرەکەم دا فەوتا، کە زۆر بۆی بەداخم، کە لە دەورو بەری گوندی خوێلێن لەناوچەی هەمەوەند دامنابو پاش هەوڵدان بۆم نەدۆزرایەوە و بۆ هەتا هەتایە لەدەستم چوو.

ئەم گێڕانەوەیە لە مانگی ١٩٨٨/٣ دەست پێ ئەکات تا مانگی ١٩٨٨/٧ بەتایبەت لەو کاتەوەی هێزەکانی دووژمن سەرگەرمی جێبەجێ کردنی ئەنفالە بەدناوەکەی بەعسی عەرەبی بوون بۆ کاولکردنی کوردوستان. (من ئەو دەمە لە کەرتی ٣ی هەمەوەند بووم) لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ داوا کراین بۆ سەرکردایەتی لە ناووچەکانی دۆڵی جافایەتی. بۆ گۆڕینی ئەو هێزەی تیپی ٥٧ی سەرگرمە، کە پێشتر بانگ کرابوو بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە. هەندێک لەتیپەکانی ی ن ک لە ڕوی توانا و چەندایەتیەوە زۆرتر و کارامەتر بوون لە کاتی پێویستیدا سەرکردایەتی داوای هێزی لەو تیپانە دەکرد بۆ پاراستنی ئەو ناووچانەی دووژمن هێرشی دەکردەسەر، بەتایبەت ناووچەکانی دەوروبەری بارەگاکانی سەرکردایەتی لە هەر ناوچەیەک بوبێت. ئەم تیپانە هەمیشە بەشێکیان بەرێگاوە بون بۆ ناوچەکانی تری کوردوستان و بەشێکیان لە ناووچەکانی خۆیان دەمانەوە. چاوەرێ دەبون بە چەند هەفتەیەک یان لەمانگ زیاتر بچن هێزەکەی خۆیان بگۆڕن (بدل)، تیپی ٥٧یش یەکێک بوو لەو تیپانە. ئەو کاتەش ئێمە لە کەرتی ٣ی هەمەوەند بوین و بەشێک بوین لەو هێزەی تیپی ٥٧ی سەرگرمە، کە لە ناوچەکانی خۆمان مابوینەوە. بە بڕیاری مەڵبەندی ١ هێزێک لە تیپەکانی سەر بەو مەڵبەندە کۆکرایەوە بۆ گۆڕینی ئەو هێزە ماندووەی ئەو تیپانە، کە لە بەرەکانی بەرەنگاری کردنی هێرشەکانی حکومەتی عێراقی بون لە ناوچەی جافایەتی، کە بارەگاکانی سەرکردایەتی لێ بوو. دووژمن لە هەموو قۆڵێکەوە بە هێزێکی زۆر و نابەرابەرەوە، بە جبەخانەیەکی زۆر و بە پشتی جۆرەها فرۆکە و ڕاجیمە و چەکی قەدەغەکراوەوە، هێرشێکی چڕی بێووچانی کردبووە سەر سەرکردایەتی، لەبەر ماندویی هێزی پێشمەرگە و کەمی تەقەمەنی سەرکردایەتی دڵنیابوو لەوەی بەرەنگاری کردن لەوە زیاتر بەزەرەری هێزی پێشمەرگە تەواو دەبێت و لەوە زیاتر لەتوانادانیە، بۆیە بڕیاری پاشەکشێ درا بەرەو سنورەکانی ئێران. هەموو هێزەکە بەرەو سنورەکانی ئێران بەپشتی گوندی چاڵاوا دا بە چیای کەرکەر بەرەو سیرەمێرگ و دۆڵی شێخ محەمەد سەرکەوتین. ناوچەیەکی کوێستان و سارد بوو بەفر هەموو جێگایەکی داپۆشی بو. ئەو هێزەش هەمووی بەتەما بو لە گوندی سیرەمێرگ پشوو بدات، سیەمیرگیش چەند ماڵێکی کەم بوون. لەبەرماندوێتی و دوری و هەورازی ڕێگا زۆربەی پێشمەرگە ئەو کیسەخەوانەی پێیان بوو فڕییان ئەدا، بەفریکی زۆریش باری بوو، ڕێگاکان بە بەفر داپۆشرابون شەوگارێکی سامناک بوو، بەجۆرێ کە نەئەبوایە کەس لەڕێگا لابدات، نەکا بکەوێتە چاڵەبەفرەوە، لە هەمووشی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەبو ئەو دۆڵە بوبوە گۆڕستان لاکی چەندین وڵاغ و حەیوان و لاشەی مرۆڤ، لە ڕێگا کەوتبون و بەجێمابون. وە یەکێک لە کەسایەتیە ناسراوەکان لەبەر بێزاری ژیان لەو.. بۆ ل ١١

شەوەدا و لەو کوێستانەدا منداڵەکەی خۆی بەجێ هێشت بوو، کە خۆشبەختانە پێشمەرگە لەگەڵ خۆیان بردبویان و لەمردن ڕزگاریان کرد بو، بە دایک و باوکیان شادکردبووە. (دیارە مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرسەخت و دڵ ڕەقە، بۆیە ئەو ڕۆژانەی بیردەچێتەوە) ئەو ڕێگایە تەواوبوو بەرەوخوار بوینەوە بەرەو دۆڵی گەلاڵە و قامیش، لەوێشەوە بەرەو ناوچەکانی ماوەت، کە پێشتر سەربازگەیەکی گەورەی هێزە داگیرکەرەکەی عێراقی تیابوو، ڕێگای سەربازی لەسەر بوو بەڵام چۆڵ کرابوو، لەوێشەوە بە شانی چیای گوڵێ دا بەرەو چەمی چۆمانی دامێنی چیای گمۆ لە خوارگوندەکانی شاناخشێ و مەروێ‌وە و لە چەمی چۆمان پەرینەوە بۆ قاوەخانەی خاکی، کە چاخانەیەکی سەرەڕێگا بو لە ناو خاکی کوردوستانی داگیرکراوی ئێران دا.

**لێرەدا دوو دنیای جیاواز تێکەڵ بە یەک دەبون:**

**یەکەم:** هێزێکی ماندووی برسی ، لەجەنگ دا شکاو، بێ ئومێد، نیشتیمانە کاول کراو و سوتاوەکەی بەجێ هێشت بوو، کە ئامادە نەبو بە خەویش بیبینێتەوە.

**دووەم:** هاتبووە وولاتێکی ترەوە و بە وولاتی خۆی دەزانی، بەڵام ئەوان بە چاوی نامۆوە لەویان دەڕوانی و هیچ سۆزێکی نەبو بۆی، چونکە کەس نەی دەویرا.

بە لای گوندەکانی سیاوەە، نوێژگە، ماڵماڵ دا بەرەو کانی سوور، لە وێشەوە بەرەو شارۆچکەی بانە بەڕێ کەوتین، کە گەیشتینە خاڵی پشکنینی شارۆچکەی بانە، ئێرانیەکان ڕایان گرتین، بەڵام نەیان ئەتوانی کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن. پێشمەرگەش زۆر گوێی پێ نەئەدان، پاش ماوەیەک چەند سەیارەیەکیان هینا بۆمان و هەموومانیان پیکەوە بردە مزگەوتێک لە بانە، کە ڕیکەوتی شەوی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٨ بوو، زۆر ماندوو بوین شوێنێکمان ئەویست سەرخەوێکی تیا بشکێنین، لەم کەین و بەینەدا کات گەیشتبووە دەوروبەری ١٢ی شەو، پاسداری ئێرانی بە دیارمانەوە بوون، پاش ئەوەی حەرەس دانرا، کەمێ چاومان گەرم کرد، بەرە بەیانێکی زوو خەبەریان کردینەوە، سەیارەمان بۆ هاتبوو، خۆمان کۆکردەوە و سوار بوین و بردینیان بۆ سەردەشت، کە گەیشتینە سەردەشت ئاگری نەورۆز خامۆش بوبو، ئەوەندە لە سەردەشت ماینەوە، کە هەرکەسە و پێویستی خۆی بۆ ڕێگا بکرێت، لەگەڵ هەموو هێزەکانی تر ئەوەی لە

سەردەشت بوون یەکمان گرتەوە و هەر تیپە و بە بەرنامە بەرەو سنورەکانی خۆمان گوند بە گوند بەڕێ کەوتینەوە. بەڵام هێزێکی شەکەت و بێحەوسەڵە، بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، کە ئەو هێزە جارێکی تر ڕێکخستنەوەی پێویستە. ماوەی چەند ڕۆژێک ئەبوو لە مەترسی سەرماوسۆڵە دوورکەوتبوینەوە، بۆ گەڕانەوە بەرەو ناووچەکانی خۆمان کویستانەکانی چیای کاروخمان لەڕێگادا بوو، کە هەمیشە بەفر هەموو ڕێگاکان دادەپۆشێت، ئەو ناوچەیەش لە سنورەکانی مەڵبەندی سێ بوو، هێزەکانی مەڵبەندەکانی یەک و دوو شارەزای ئەم ناووچانە نەبوون، ئێمە لەگەڵ هێزەکەی مەڵبەندی سێ‌دا بوین "سەعیدی حەمەزیادی سەرتیپی ١٢ سۆران"یان لەگەڵدا بوو خۆشی شارەزای ڕێگاکە بوو، گوندەکانی خدران، چناران، مێوژەمان بڕی و گەیشتینە گوندی باسەڕەی بناری کاروخ. دوانیوەڕۆیەکی ڕەنگ بوو ڕێگامان گرتەبەر بەرەو چیای کاروخ، بەفرێکی زۆری تیابوو، کە گەیشتینە ناوقەدی ڕێگاکە، ڕێگامان لێ هەڵەبوو، سەر چیاش تەم گرتبووی. لەگوندی باسەرەوە، کە بەرەو چیای کاروخ بەڕێکەوتین خەڵکی گوندەکە پێیان وتین، کە دوانیوەڕوان ڕۆشتن جێی مەترسیە، بەڵام هێزەکە دەیویست



شەهید حەمەڕەش شەهید وریا شەهید جیهاد سامان عوسمان پێشڕەو ئەحمەد
تیپی ٥٧ی سەگرمە ١٩٨٣

چی زووترە بگەڕێنەوە سنورەکانی خۆیان. هێزەکەی مەڵبەندی سێ‌ش، کە شارەزای ڕێگاکە بوون ئەوەیان بە هەند وەرنەگرت، ماوەیەکی زۆر بە بەفرەدا ڕۆشتین، بەفرێکی مەترسیدار بوو ڕێگەمان لێ ونبو، بە شارەزایی پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران ڕێگاکەیان بۆ دۆزینەوە، بەفر هەمووی داپۆشی بوو، کە گەیشتینە سەر چیاکە ڕەشەبا و بەفرێکی ئەوەندە بەهێزی هەبوو مەترسی ڕەقبونەوەمان هەبو، پاشان چوینە خوارەوە بەرەو گوندی باداوان و لەوێشەوە بەرەو گوندەکانی باقلان، کانی وەتمان، کانی مازوو، مەلەکان، گەرەوانی سەروو، پاشان گەیشتینە گەرەوانی خواروو. لەوێشەوە بەرەو گوندەکانی خەتێ، توتمێ و بالیسان و لەوێوە بەڕیکەوتین بەرەو گوندی چیوەی خوارو و چیوەی سەرو لە بناری چیای هەورێ. **چاوەڕوانی بەشی دووەم بن.**


# بەشی دەیەم: بەسەرکردنەوەی ماندونەناسێک (کاکە عەبە)

ئامادەکردنی: سەکەوتی جیهاز

**ئەمڕۆ لەگەڵ پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی ڕێی خەباتی کوردایەتی لە گەڵ هونەرمەند و شانۆکار و خۆشەویستی هەموان کاک عەبدوڵا حەمە ساڵح موسا، ناسراو بە کاکە عەبەی تەمە، ئەو لای هەموان ناسراوە، من تەنها وەک ئەرکێکی برایانە و پێشمەرگانە لە سوچێکی بچوکەوە پێم خۆشە کورتەیەک لە ژیانی و قسە خۆشەکانی و زەحمەت و ماندوبونەکانی بخەمە بەردیدی ئێوەی خۆشەویست.**

**چونکە زۆرن ئەو مرۆڤە ماندونەناسانەی وەک کارەکتەرێکی چەند بوارە، کاران و دواتر جگە لە ئەرشیف و مێژو کەس پەی پێ نابات، هەروەها کەمن ئەوانەی لە ڕۆژە تاریکەکانا پرشنگێکی روناکی هیوا بون و تا ئێستاش وەک بونی خۆیان نەناسراون، کاکە عەبدوڵا، کە پێشمەرگەیەکی دێرین و یەکێکە لەو پێشمەرگانەی بە گیانی نیشتمان پەروەری لە سەنگەری بەرگری نیشتمانێکدا بوە و دواتر لە بواری هونەردا ئەستێرەیەکی گەشە، کەسێکی سادەی کۆمەڵایەتی، نیشتمان پەروەر، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم گۆشەیەوە، لەم پەنجەرەیەوە بۆ ژیانی ئەم پیاوە بە هەڵوێستە بڕوانین.**

**کاکە عەبە:** باوکم پیاوێکی ئاین پەروەر بو. ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە بو منیش ببمە زانایەکی ئاینی گەورە، هەر بۆ ئەم مەبەستەیش لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خستمیە حوجرە لای مەلایەک بە ناوی سەید علی لە خوار مزگەوتی تەکیەڕوتە، حوجرەکەمان لە دوکانێکی بچکۆلەدا بو چەند منداڵێکی هاوتەمەنی حۆمی تێدا بوو، هەریەکەمان دۆشەکەڵەیەکی بچوکمان لەگەڵ خۆمان بۆ دانیشتن دەبرد، ڕۆژانەمان تەنها یەک عانە بو، کە چوار فلسی دەکرد، دەبوایە هەر لە لای مەلا خەرجمان بکردایە، لێی دەسەندین و بەهای یەک فلس، یان دو فلسی دەداینێ باقیاتی حەپەلوش دەکرد، ئەگەر فەسڵی سەرما دادەهات دەبوایە هەر یەکێکمان بڕێک دارمان بۆ سوتاندن ببردایە بۆ حوجرە بێ ئەوەی زۆپایشی لێ بێت، مامۆستا بۆ گەرم کردنەوەی منداڵەکانی دەیبردەوە بۆ ماڵەوە. ساڵی ١٩٥٧باوکم بردمی بۆ قوتابخانەی مەلکەندی داخڵم بکات و بمخاتە بەر خوێندن، فەراشێکی لێ بو بە ناوی خاڵە حەمەکەریم، منی دی بەدەستی باوکمەوە منداڵێکی لاوازی بچکۆلە بوم، وتی: "حەمەساڵح ناشێت عەبەت هێنابێ داخڵی بکەیت؟" باوکیشم وتی: "بەڵێ، هێناومە داخڵی بکەم" خاڵە حەمەکەریم وتی: "بەخوا بە کەڵکی خوێندن نایەت جارێ بیبەرەوە و ساڵێکی تر بیهێنەرەوە" باوکیشم بە قسەی کرد و منیش زەرەرمەندی ئەو ساویلکەییەی باوکم و کاکی فەراش بووم و ساڵێکم فەوتا. ئەوکاتە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا منداڵ دەخرایە قوتابخانە، پۆلی سێ بەهۆی ئەوەی، کە باوکم هەر لە دامەزراندنی حکومەتی مەلیکی عێراقەوە ببوە پۆلیس، بۆیە هەردەمەی نەقڵی یەکێک لە مەخفەرەکانی سەر سنورەکان دەکرا. لە هێنانی یەکەم ژنییەوە، یەکەم و دوهەم منداڵیان لە گەڕەکی شێخانی سلێمانی لەدایک بوە. ئیتر منداڵەکانی دوهەم ژنی و سێهەم ژنی هەریەکەیان لە شوێنێکی جیا جیا لە دایک بون. ساڵی ١٩٥٧ نەقڵی چوارتا بوین چاک لە بیرم دێت، پاشان نەقڵی موەکەبە بوین، لە موەکەبە باوکم خانەنشین کرا، پاش سی ساڵ خزمەتی پۆلیسی. پاشان ساڵی ١٩٥٨ گەڕاینەوە شارە حەیاتەکە، شۆڕشی چواردەی تەموز، عیراق لە حوکمی مەلەکی ڕزگار بو، ئینجا من خرامە بەر خوێندن لە مەکتەبی مەلکەندی، ئەوکات بە مامۆستامان دەوت ئەفەندی، یان موعەلیم. سەرەتایم بەسەرکەوتویی بڕی، بەلام بە هەژاری. ساڵی ١٩٦٤ هەوڵی بون بە پێشمەرگایەتیم دا، بەلام سەرکەوتو نەبوم، چونکە زۆر منداڵ بوم. شەهید فەتاح ئاغا قەناعەتی پێ کردم، کە بە





خوێندنەکەم خزمەت زیاتر دەکەم. ساڵی ١٩٦٦ بەهۆی بزێویەوە پەیم بە ڕێکخستنەکان برد و چومە کۆڕی خەباتی ئەودەم. ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولم کرد، پاش نسکۆ جارێکی تر چومە ڕیزەکانی کۆمەڵە و بەشداری شۆڕشی نوێم کرد تا ڕاپەڕینی ١٩٩١. بە هۆی خزمایەتیم لەگەڵ مامۆستا عومەر عەلی ئەمین، کە مامۆستایشم بو، تێکەڵاوی کاری هونەری بوم .... **بۆ ل ١٣**


## پاشماوەی..بەسەرکردنەوەی ماندونەناسێک

لە ساڵانی ١٩٧٠ بەشداریم لە کارە هونەرییەکانی هاورێیانی گەزیزەدا کرد. بەشداریم لە کۆمەڵەی هونەروویژەی کوردیدا کرد. ئەندامی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بوم و بەشداری کارەکانی ئەو تیپە بوم. دوای دامەزراندنی تەلەفیزۆنی گەلی کوردستان بەشداری کەشکۆڵ بوم، پاشان دەوری بەرچاوم لەبەرنامەی بەرنامەدا هەبو، چەندین کاری شانۆی و تەلەفیزۆنیم ئەنجام داوە. لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩١ لە شاری سەقزی ڕۆژهەلات، شانۆگەری (کۆتری سپی)م ئامادەکرد و دەرهێنانیم بۆ کردوە، لەسەر شانۆی ئەو شارە چەندین ڕۆژ نمایش کرا. ئێستایش بریارم داوە هەتا وزەم تێدا بێت دریغی لە خزمەت نەکەم لە هەر بوارێکدا بێت، ئەمەش لە پێناوی خۆش بەختی خەڵکی بەش مەینەتی ئەم خاک و نیشتیمانەمدا. بە نسبەت بژێوی ژیانیشمەوە هەر زۆر لە تەمەنە منداڵیەوە هەوڵی کارکردنم داوە، هیچ کاتێک دەستم لە کەس پان نەکردۆتەوە، کاری وردە فرۆشیم کردوە، کە خۆم ناسی سەرقاڵی ڕەسم گرتن بووم  بە کامێرای گەڕۆک پاشان لەناو ستۆدیۆدا وێنەم چاپ کردوە. بومە کرێکاری کارەبا. کارەبای ماڵانم دادەنا، پاشان شارەزاریم لە چاککردنی ئامێری ئەلکترۆنی پەیدا کرد. پاشان بومە وەستای چاک کردنی سەلاجە و موجەمیدە. دوای ڕاپەڕین چەند پلەیەکی  وەزیفیم لە ئەستۆ گرت، کرامە بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ. پاشان چووەمە کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالان بە پلەی ئەفسەر لێی دەرچووم. لەریزەکانی پێشمەرگەدا پلەکانم بڕی تا پلەی عەقید، دواتر بە پلەی عەمید خانەنشین بووم. لە ساڵی ١٩٨٦ەوە بە خۆم و خێزانم، کە دوو کوڕ و کچێکم هەیە تا ڕاپەڕین لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردوستان بەردەوام بوم بە بێ دابڕان. چەندین مەدالیای سەربەرزی پێشمەرگانەم پێ بەخشراوە.

## نوربەخشی... عومەر مەعروف بەرزنجی



* شێخ مەحموود وەک سەردارێکی تەریقەتی قادری پەیوەندی بە شیعر و ئەدەبەوە بەهێز بووە ، چونکە ئەدەبی کوردی هەناسەی بەهێز و گەرمی لە بزوتنەوەی سۆفیزم وەرگرتووە ، لە حوجرەی خوێندنی مزگەوتەوە چێژی ئەدەبی لای شێخ مەحموود دروستبووە. لەلایەکی ترەوە وەک مەلیکی کوردستان سەردارێکی گەورە تەنیا پەیوەندی بە سیاسی و فەرماندە و جەنگاوەرەکانیەوە نەبووە، بەڵکو لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ڕوناکبیرە ناسراوەکانی ئەو ڕۆژگارەدا ئاشنا بوون و لەیەکەوە نزیک بوون و تەنانەت هەندێکیشیان لە شەڕ و کارە سیاسییەکاندا هاوکاری بوون وەک: حەمدی، ناری، شێخ نووری شێخ ساڵح، بێخود، شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی، شوکری فەزلی، حسێن نازم، ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، شێخ سەلام، ئەحمەد خواجا، ئیسماعیل حەققی شاوەیس و عەلی باپیر ئاغا و کەسانی تر.




**نوربەخشی** بریتیە لە سەرجەم شیعرەکانی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموودی بەرزنجی)، کە دوای کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی شیعرەکان، پێشەکی و پەراویزی بۆ نووسراوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە.

# له داستانی چیمەن–ەوە بۆ .... هەرووتەی ئەزمڕ




**بەشی یەکەم**

دەمەوئێوارەی ١/ ٤/١٩٩١
هێزێکی تایبەتی ی . ن . ک خۆیان گەیاندە قەرەهەنجیر. سامان سەعید ناسراو بە رەئیس سەرپەرشتی ئەو هێزەی دەکرد، کە تاریکایی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کشا، بە پێی رێنماییەکانی مەکتەبی عەسکەریی رەئیس، تیپەکەی حەمە عەلی بەرخانەقای لەسەر جادەی کەرکوک– قەرەهەنجیر لە چیمەن دانا. تیپەکەی عەبەرەق–ی لە نێوان چیمەن و قەرە هەنجیردا دانا. تیتپەکەی عەلی چەلەب–ی لە رۆژئاوای قەرەهەنجیر دانا. بۆ ئەوەی بەوردی چاودێری ئەو سنوورە بکەن. نەک هێزەکانی سوپای عێراق لەو قۆڵەوە دزە بکەن.

**تراژیدیای چیمەن:**


ئاسمان ساما ڵ بوو ...دنیا کش ومات بوو. ناوبەناو گولەتۆپ دەیدا بە ناو قەرەهەنجیر و دەورو بەری. ئارامی و کپی ئەو دەوروبەرەی دەرەواندەوە. سپێدەی بەیانی بوو لە ناکاو پێشمەرگەیەک بە خۆی ئۆتۆمبیلێک بە بریندارێکەوە لە قۆڵی پێشەوە لە چیمەنەوە گەیشتە ناو قەرەهەنجیر، لەروخساری دا شپرزەیی و هەواڵی دڵ تەزێن دەخوێنرایەوە، وتی: هاورێیان، حەمە عەلی بەرخانەقا و تیپەکەی رووبەرووی هێرشێکی توندوچڕی سوپای عێراق بوونەتەوە. لە شەڕێکی نابەرامبەری بەرگری پڕ لە مەترسی گەورەدان. هەر ئەو کاتە رەئیس بە پێشمەرگەکانی راگەیاند: "سوپای عێراق هێرشی هێناوە دەبێت بچین.. بە هانای هاورێ پێشمەرگەکانمانەوە. بە ٢٠ پێشمەرگەوە بە دوو ئۆتۆمۆبیل روویان کردە شەرگەکەی چیمەن. لە رێگا تۆپ بە چڕی دەیدا لەسەر جادەکە و ئەم لاو ئەوکای جادەکە دوو فرۆکەی جەنگی بە ئاسمانی ناوچەکەوە دەسورانەوە. زانیاریان لەسەر قولایی شەرگەکە و ناوچەکە کۆدەکردەوە، دوو کۆپتەریش لەسەر ئاسمانی ناوچەکە دەبینران و رەسەدی تۆپخانەی عێراق بوون. لە رێگا مشتومڕ لە نێوان رەئیس و عەلی چەلەبی سەری هەڵدا. عەلی چەلەبی دەیوت: "ئەو فرۆکانە هی عێراقن". رەئیسیش دەیوت: "نا ئەو فرۆکانە هی وڵاتانی هاوپەیمانن قەدەغەیە فرۆکەی عێراقی هەڵفڕێ" ٣- ٤ کیلۆ مەتریان مابوو بگەنە شوێنی سەنگەرەکانی تیپەکەی حەمە عەلی بەرخانەقا، بەچاوی خۆیان زیاتر لە ١٠ دەبابەیان بینی بەسەر سەنگەرکانی هێزی پێشمەرگەدا هاتبوون بە جادەکەدا راستەوخۆ بەرەو ئاراستەی ئەوان دەهاتنە پێشەوە. زانیان حەمە عەلی بەرخانەقا و پێشمەرگەکان تا دوا فیشەک بەرگریان کردوە و زۆربەی پێشمەرگەکان شەهید کراون و هەندێکیان بە پێی شوێنەکانیان .....پەرتەوازە بوون.




**پێشتر ئەم وتارەی کاک عەبدوڵڵا کەریم مەحمود لە گۆڤاری شەهید، ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٥، ل٦-٨. بڵاو کراوەتەوە**

# وەرگێڕانەکەم: ئەزموونی حکومەتی جۆرجیا لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیدا...

د. نەوزاد ساڵح ڕەفعەت



بێگومان گەندەڵی دەردێکی گرانە، بەتایبەت لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخی حوکمڕانی و وەک شێرپەنجە بە لەش و لاری دەوڵەتدا بڵاوئەبێتەوە و سەرجەم سیستەمەکانی: کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری..تەنانەت ئاسایشی نەتەوەیش، هەڵئەوەشێنێ. لە دەردی گەندەڵی گرانتر، چارەسەرەکەیەتی، چونکە گەندەڵی لە غیابی سەروەری یاسادا دروست ئەبێت، بۆیە لە هەر شوێن و جێگایەک، لە هەر دەوڵەت و نیشتمانێکدا گەندەڵی زاڵ بووبێ بەسەر یاسادا، ئیدی زۆر بە زەحمەت لە نەشونما ئەکەوێ و بە خێرایی سەرجەم کایەکانی ژیان ئەگرێتەوە، تەنانەت دەچێتە کونجی ماڵەکانیشەوە. نمونەی ڕژێمە گەندەڵەکان لە دنیادا زۆرن، بەڵام بەربڵاوترینیان ئەو ڕژێمانەن، کە لە ئەنجامی کودەتای سەربازی، یان شۆڕشی جەماوەری و ڕاپەرینەوە هاتوونەتە سەر حوکم، چونکە ئەم جۆرە ڕژێمانە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بە خۆیان و مافی ڕەها و شۆڕشگێڕیی بۆ دەستە و تاقمەکانیان دەستەبەر ئەکەن. بە جۆرێک کەم کەس ئەتوانێت لە ئاست شۆڕش و دەستکەوتەکانیاندا دەنگ هەڵبڕێ، ئیدی بەم شێوەیە خۆیان و شۆڕشەکەشیان ئەبنە بار بەسەر گەلەکەیانەوە، تا ئەو ڕادەیەی گەلەکەیان ئاوات بەو ڕژێمە بخوازن، کە پێشتر لە دژی خەباتیان کردووە و هەوڵی ڕوخانیان داوە. دیارە ئەم نمونەیە لە وڵاتی جۆرجیا ڕویداوە. ئێستەش لە عێراق و کوردستان گەندەڵی و بێ سەروبەرەیی لە حکومڕانیدا گەیشتووەتە ئاستێک، کە بەشێک لە خەڵکەکەی ئاوات بە ڕژێمەکەی پێشووی دەخوازن. لە ڕاستیدا بەش بە حاڵی خۆم نەک ئاواتی پێ ناخوازم، بەڵکو لە مێژە ڕژێمێکی وەکو بەعسم بە نەفرەت کردووە و بۆ ڕوخانیشی خەباتم کردووە، بەڵام لە هەندێ ڕووەوە ناهەقی هاوڵاتییانی کوردستان و عەرەبی عێراقی ناگرم، چونکە وەک ئاشکرایە، سیستمی حکومڕانی لە عێراق و کوردستان بە شێوەیەک تووشی گەندەڵی بووە، کە نزیک بووەتەوە لە داڕووخانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی.. هتد. تەنانەت لە هەندێک ڕووەوە نەک لە وڵاتی جۆرجیا، بەڵکو لە هیچ شوێنێکی دنیادا نمونەمان نییە. ساڵی پار کتێبێکم چاوپێکەوت بە ناوی "ئەزموونی جۆرجیایە لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیدا". دوای خوێندنەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بێ ئەوەی لەسەری بوەستم، دوای ڕەزامەندی وەرگرتنی ئەو دەزگایەی بڵاوی کردبووەوە، دەستم کرد بە وەرگێڕان و دواتر چاپ کردنی، چونکە بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی جۆرجیا، هاوشێوەی ڕووداوەکانی کوردستانە، بە تایبەت لەڕووی جیابوونەوەیان، شەڕی ناوخۆ، سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن، گەندەڵی و نەبوونی ئاو و کارەبا و





خزمەتگوزارییەکان. ناوەرکی کتێبەکەش باس لەوە دەکات، کاتێک جۆرجیا لە یەکێتی سۆڤیەت جیا ئەبێتەوە، حکومەتێکی سەربەخۆ دائەمەزرێت، بەڵام حکومەتە نوێیەکە نەیتوانی کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی بکا، سەرەڕای ئەمە، دووچاری شەڕێک بوو لەگەڵ ڕوسیا و دواتریش شەڕێکی ناوخۆیی. لە هەموو ئەمانە خراپتر گەلی جۆرجیا دووچاری گەندەڵییەکی زۆر خراپ و ناڵەبار بوونەوە. بەڵام خۆشبەختانە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی سەری هەڵدا، کە خۆیان کردە قارەمانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە جۆرجیا و شۆڕشەکەشیان ناونا "شۆڕشی گوڵەکان". سەرەتا هەڵبژاردنێکی شەفاف و دوور لە دەستی دەرەکیان ئەنجامدا، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا سوێندیان بۆ گەلەکەیان خوارد، کە گەندەڵی ڕیشەکێش بکەن و دروشمی **"جۆرجیای بێ گەندەڵییان"** بەرزکردەوە، ڕاستگۆیانەش بەڵێنەکەیان بردە سەر، گەلەکەشیان وەکو گەلێکی زیندوو لە هەڵبژاردنی سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانیاندا متمانەیەکی باشیان پێدان، بۆیە زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیان بەدەست هێنا و حکومەتێکی نوێیان لەو وڵاتە دامەزراند. کاری سەرەکی ئەم حکومەتە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بوو. بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش وڵاتیان لە گەندەڵی پاک کردەوە و حکومەتێکی دوور لە گەندەڵیان بنیادنا. بە کارەکانیان جۆرجیایان لە ڕووی شەفافیەت و داهات و خزمەتگوزارییەکانەوە گەیاندە ئاستی وڵاتانی ئەوروپی.

# ئەنفلونزاکەی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانی لە ڕۆژنامەی ژین


**جەماوەر ئەحمەد**

لە ژمارە ١٣٥٣ی ڕۆژی ٢٥ی ٧ی ١٩٥٧ ڕۆژنامەی ژین وتارێک لە لاپەڕەی یەکەمی‌دا لەسەر ئەنفلونزا، لەلایەن دکتۆر کەمال ناوێکەوە بڵاو کردۆتەوە. ناوەڕۆکی وتارەکە بریتییە لە مێژوی ئەنفلونزا لە سەدەی ڕابردو، لە سەرەتای وتارەکەدا ئەڵێ: "... **ساڵی ١٨٨٩-١٨٩٩ ئەم نەخۆشیە هەمو جیهانی گرتوەتەوە... دیسانەوە ئەم نەخۆشیە وەکو (درم) بڵاوبوەتەوە و پێنجسەد ملیۆن کەس توشی هاتوە و بیست ملیۆن آدەمیزادی پێ مردوە. ئەمساڵیش ئەم نەخۆشیە لە هند و پاکسیان و هەروەها أمریکا بڵاو بوەتەوە و ئەمە چەند ڕۆژێکە خەریکە لە عراقیشا دەست پێ ئەکات، بەڵام ئەم جارە آدەمیزادی جیهان زۆر بەختیارە، کە ڤایرۆسی ئەم نەخۆشیە ئەوەند بەهێز نیە کەسی پێ بمرێت**..." ئینجا بە وردی باسی جۆری نەخۆشی‌یەکە و دەرکەوتەکانی ئەکا. هەروەها باسی لە خۆپاراستنەکانی ئەکا. کۆتایی وتارەکەی تایبەت کردوە بە هاندانی خەڵکی سلێمانی، بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی ببنەوە و کەس نەترسێ، چونکە نوسەرەکە پێی وایە بە زویی تێدەپەڕێ و ئەڵێ: "... **زۆر تکا لە خوێندەوارە خۆشەویستەکان ئەکەین ئەو ترسەی، کە هەیانە بەرامبەر بەم بەم نەخۆشیە لە مێشکی خۆیانی دەربکەن و بە چاوێکی وەها تەماشای ئەم نەخۆشیە بکەن، کە زیانی نیە بۆ ئادەمیزاد**".


ئەنفلونزا
دکتور کمال

چوار ژمارە و نزیک بە مانگێک دوای بڵاوکرانەوەی ئەو وتارەی دکتۆر کەمال، لە لاپەڕە دووی هەمان ڕۆژنامە (ژ١٣٥٧ی ڕۆژی ٢٢ی ٨ی ١٩٥٧) لە ناو کەوانەیەکدا بە بچوکی نوسراوە "**خەریک بو ئەنفلۆنزا نەهێڵێ ڕۆژنامەکەمان دەرچێ، بەڵام ئیمانی ئێمە و هیمەتی تیپ ڕێکخەرەکان و هاندان و پشتگرتنی ئێوە گەلێ لە ئەنفلونزا بەهێز تر بوو، بۆیە ڕۆژنامەکەتان بێ دواکەوتن کەوتە دەست**" ئەمە دەری ئەخا، کە لەو کاتەدا بە هەمان شێوەی ئێستا، سلێمانی گیرۆدەی ئەنفلۆنزا بوە، کەمتر، یان زیاتر، من نازانم... بەڵام ئەو مێژوە زۆر دور نی‌یە، ئەبێ زۆر کەس هەبێ لە بارەیەوە بزانێ. هەرچەندە لە چەن سەرچاوە و ڕۆژنامەی ئەو کات هەواڵ و بابەتی هاوشێوە، بەڵام بە کورتی لە بارەوەیەوە نوسراوە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. بێگومان ئەو دو بابەتەی ڕۆژنامەی ژین، دەری ئەخا، ئەو ئەنفلۆنزایەی سلێمانی، کە بە زەحمەت توانراوە ڕۆژنامەکە دەرچوێنن، بێگومان زیاتر هەڵئەگرێ و پێویستە زیاتر لە بارەیەوە کۆبکرێتەوە و باسی لێوە بکرێ.

سوپاس بۆ بنکەی ژین، کە هاوکار بوە لە پێدانی دیجیتاڵی ڕۆژنامەکە.


ئەنفلونزا !!
خەریك بو ئەنفلونزا
ئەهیلی روژنامەكە دەرچی
بەلام ئیمانی ئیمە و هیمەتی
تیپ ریكخەرەكان و هان
دان و پشت گرتنی ئیوە
گەلی لە ئەنفلونزا بەهیز
تر بوو بویە روژنامەكە
تان بی دوا كەوتن كەوتە
دەست

## YADNAME یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234